عێراق گرێبەستی دانانی کێبڵی دەریایی FIG لەگەڵ قەتەر واژۆ دەکات

وەزارەتی پێوەندیەکانی عێراق،ەمە پێنجشەممە،گرێبەستی دانانی کێبڵی دەریایی FIG لەگەڵ گرووپی ئەریدەی قەتەری واژۆ کرد، هاوکات "هێمام یاسری"وەزیری پێوەندیەکان ئاماژەی بە کارکردن بە زیادکردنی داهاتەکانی دەوڵەت کرد.

یاسری بۆئاژانسی هەواڵی فەرمی ئاگەیاند:- کەمپانیای گشتی پێوەندیەکان و زانیارییەکان،کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی وەزارەتی پێوەندیەکان و خاوەنی ژێرخانی پێوەندیەکانە لە عێراق،گرێبەستێکی ستراتیژی بە دانانی چوارەمین کێبڵی دەریایی بە وەڵات لەگەڵ گرووپی ئەریدەی قەتەری مۆر کردووە.

وەزیری پێوەندیەکان ڕوونیشیکردەوە کە گرێبەستەکە بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی سەرۆکی گرووپەکە مۆر کراوە، ئەم پرۆژەیە ئامانجی بەهێزکردنی توانای ئینتەرنێتە لە عێراق بە زیاتر لە 700تەرابایت، لە ڕێگەی کێبڵێک کە درێژییەکەی 2000کیلۆمەترە و 24 جووت فایبەری تەدایە و بە هەموو وڵاتانی کێنداوی عەرەبیدا تێپەڕ دەبێت.

ئاماژەی بەوەشدەکات کە پرۆژەکە هەوە دەدات عێراق لە ڕێگەی تورکیاوە بە ئەوروپا ببەستێتەوە،لەگەڵ بەستنەوەی وڵاتانی کێنداو بە تەڵی پێوەندی جیهانییەوە،کە ڕێگە دەدات پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی عێراقەوە تێپەڕ بکرێن و چاوەڕوان دەکرێت پرۆژەکە هەتا ساڵی 2027تەواو بکرێت.